
# خۆفرۆشان خەلآت مەكەن سوكايەتيان بە شەهيدانمان كردووە ... خالَەحەمة



ـ زۆربەی شەوەکانی هەفتە بەیەکەوە بوون، دەگمەن لەیەکتری دابڕانایە. ڕۆژانیش هەر چاودێری یەك بوون. برا نەبوون بەڵام لەبرا دڵسۆزتر بوون چونکە هەموو سنورەکانیان بڕیبوو. هەمووماڵەکانیان کردبوو بەماڵی خۆیان، هەموو کوردیشیان یەکسان خۆشدەویست، کورستانیشیان لە هەمووکورد خۆشتر دەویست و خەباتیان بۆ ئەکرد، بەبێ ئەوەی ترس بتوانێ تەنها جارێك لەڕێگا لایانبدات.. هەرمانگەی چەند جارێکیش لەگەرمەی خەوا زرمەیان لە دڵی دوژمن و خۆفرۆشان هەڵدەستان و پێیان ڕادەگەیاندن کە ئەم کوردستانە هەر ئەبیت ئازاد بێت و ئێوەش ملبشکێنن و ئەم خوێنڕشتنە کۆتایی بێت.. شەوێك لەشەوە ساردەکانی زستان کە لەناو هەندێ خەڵکی شاردا بەشەوی پێشمەرگە بەناو بوو!! لە خوارووی شاری سلێمانیەوە کە ئەیانەوێت سەربازگای قادسییە بدەنە بەرهاوەن دەکەونە ناو بۆسەی کوردە میللەتفرۆشەکانەوە

هاوڕێ کەی شەهید ئەبێت ئەمیش زۆر بەسەختی لەچەند جێگایەکی لەشیەوە زامدار ئەبێت پاش شەرێکی مان و نەمان پێشمەرگەیەکی تیپەکەی خۆیان (دواتر شەهید بوو) ئەیدا بەکۆڵیاو چەندان کیلۆمەتر لە جێگەی کارەسات دووری ئەخاتەوە بەڵام تەرمی هاوڕێکەی ئەکەوێتە دەست خۆفرۆشان کەزۆر نامەردانە سوکایەتی بەجەستەی پیرۆزی ئەکەن، کەڕۆژهەڵات دەنگ و باس بەشاردابڵاوبووە نیشتمانفرۆشەکان،ڕووڕەشەکان،دەییوسەکان!جلخوارەکان!جارێکیتریش چەند پێشمەرگەیەکیان شەهید کردوەو سوکایەتیشیان بە جەستەی پیرۆزیان کردووە.. هەر ئەوشەوە کاکی بریندارش لەدەستی چەپەڵی دەوڵەت و خۆفرۆشان دوورخرایەوەو بەرەو بنکەکانیان گەڕانەوە،هەریەکەیان بەرد لە ناوچەوانیان دائەباری و هێندە توڕە بوون چاویان بەدنیا هەڵنەدەهات بە تایبەت کەبیریان لەبەجێمانی هاوڕێی شەهیدیان ئەکردەوە.. و چ چرایەکیان لێ کوژاندونەوە. خۆفرۆشانیش چەندژەمێکیتر کاویژیانکردو بەسزای خۆیانگەیشتن، ئەوانەی بەرسزاش نەکەوتن تائەمڕۆ هەر سەریان شۆڕەو بەچاوی سووك سەیر ئەکرێن...... کاکی بریندار زامەکانی زۆر سەخت بوون، لە دوو سێ لاوە قاچی چەپی، ئێسکی شکابوو بە درێژی ڕێگاش خوێنی لێ ڕۆیشتبوو، دوکتۆری شۆڕش هەرچی لە توانایدا هەبوو بۆ سارێژ کردنی زامەکانی بۆی کرد، ئەوەی گرنگە ئێوە بیزانن، لەبەرئەوەی قاچی زۆر کورت نەبێتەوە و زۆر نەشەلێت قاچی برینداری ئەم پێشمەرگەیەی بە بێ بەنج بە دڕێلێکی دارتاشی کوناودەرکردو بۆی هەڵواسی،بێ ئەوەی کاکی دوکتۆر بترسێت و کاکی پێشمەرگەش ئاخێك هەڵبکێشێت .. ئازیزانم کارێکی گران نییە بەمێژوودا بچینەوەو چارەسەر بۆهەڵەکانمان دابنێین و هەڵەکارانیش بەدادگایی میللەت بگەێنین نەك لەسەر کورسی دەسەڵات لەبەردەرگاکانیان ڕابوەستین و دەستخواریانبین.... ڕۆژگاری نۆکەری بۆ ئاغاو بەگ و کوێخاو شێخ و مەلاو کوڕەئازاکان بەسەر چووەو ئەبێ باشیان پاداشت بکرێت و خراپیشیان سزا وەربگرێت، ئەبێ کاتی خۆی هەرکەسێ سوکایەتی بەشانی ئەم نەتەوەستەمدیدەیەدا هێنابێت سووك سەیر بکرێت و سووك بژی تا ئەمرێت،ئێمەش ڕۆژانی دوایی تەمەنمان بە ئاسودەیی بژین و ڕۆژانی خەبات لە دەستی پیس بپارێزین..........

خاڵەحەمە/دانمارك/ڤالبی/14. 5. 2005